# میوانی کردنی ساجیده وکچەکانی یان کوردەکانی رۆژهەڵات

محەمەد هەریری
hariri66@yahoo. com

وەك کوردێك کە ئەو رۆژانەی کۆڕەوە گەورەکەم بەبیر دێتەوە، وەك فیلمێکی ڕەش دێتە خەیاڵم، تەنها خاڵێکی سپی وگەش، لەو بیرەوەرییە تاڵانە بەدی بکەم، ئەوە هەڵوێستی جوامێرانەی برا وخوشکەکانی کوردەکانی کوردستانی سەر بە ئێرانە، لە بیرمە چۆن بەو پەڕی جوامێری ودڵ فراوانی باوەشیان بۆ سەدان هەزار کوردی باشور (عێراق) کردەوە.

ئاستی میوانداری وریز لێنانیان، لە ئێمەی لێقەوماو، گەیشتبوە ڕادەیەك مەگەر لە ژینامەی چاکترین پیاو چاکی دونیا بخوێنرێتەوە!

لەوەتی رژێمە بۆگەنەکەی صدام روخاوە، ئەو برا وخوشکە کوردانەمان لە ڕەشماڵگای رومادی دوچاری گەلێك مەترسی ونا ڕەحەتی هاتوون، لە بێ خوراکی، وبێ دەرمانی، وبێ ئاسایشی، وتا ڕادەی هێرش کردنە سەریان وکوشتنیان بەدەستی عەرەبە پێ پەتیەکانی ئەو ناوە. ئەو روداوانە لە کاتێك دەقەومێن، کە هەموو سەرکردەکانی حیزبە کوردیەکان لە بەغدا جێگیرن، وسەرگەرمی پێشوازی وسەردان وکۆبونەوەن، لەگەڵ لایەن وکەسایەتی یە عێراقیەکان!

ئەو سەرکردانە یەکێکیان بە بیریان دا ناچێت، هەر بۆ چاو بەستنی خەڵکیش بێت سەردانێکی ئەو کەسوکارانەمان بکەن، وگوێ بۆ سکاڵاکانیان شل کەن، یان هێزێکی بێکاری خۆیان بۆ بنێرن، بۆ پاراستنیان لەو دەست درێژییانە.

لە کاتێك ئەوە رودەدات کە سەرکردەیەکی کورد بەپێ خستنە سەر هەموو زامەکانی هەلەبجە وئەنفال، ماڤ پەنابەری دەخاتە بەر دەمی ساجیدە خان وکچەکانی سەدام لە کوردستان، تا بڵێن بە ڕاستی عێراقییەکی ئەصیلە، شایەستەی ئەوەیە بکرێتە سەرۆکی عێراق!

ئایا نەدەکرا ئەو ١٣ هەزار کەسە، کە بەراورد ناکرێت، بەو سەدان هەزارەی ئێمە کە داڵدەیان داین، بهێنرێن بۆ کوردستان، لەوێ نیشتەجێ کرێنەوە، بە تایبەتی وەرزەکەی لەبارە ودەکرێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بە هاوکاری لەگەڵ UN ودەسەڵاتداری ئەمریکا؟

من لەو بڕوایەم ئەگەر ئەرکی یارمەتی دانیان بە خەڵکیش بسپێرن، ئەوە لەو بڕوایەم کە خەڵکی ئێمە بە ئەمەکن، وبەدڵ وبەگیان پێشوازییان لێدەکەن.

بەڕاستی شورەییە بۆ هەموو کوردی عێراق، بە خەلك وحیزب وسەرکردە وتا ئاسایی ترین کەس، برا کوردەکانمان لە کوردستانی رۆژهەڵات لەو میحنەتەبن، کەچی ئێمە هەڵوێستی تەماشاکەر وەرگرین.

گلەیی هەر لەو دوو سەرکردەیە ناکرێت، دەبوایە حزبە ئیسلامییەکان پێشدەستیان کردبا بۆ هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمەك ویارمەتی بۆ ئەو لێقەوماوانە، وکێشەکەیان بکردایە کێشەی هەموو کوردێك، وادیارە حیزبە ئیسلامییە کوردییەکان تەنها ئەو شتانە دەوروژێنن، کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیوروژێنن، ودەقاودەق کۆپیان دەکەنەوە، ئەگەر وانییە، ئێوە چۆن دەبێت وا بێ دەنگ بن، بەرامبەر گرفتێکی وا، کە بەهەموو پێودانگێکی ئیسلامی وئینسانیەوە کێشەیەکی قابیل بە دواخستن نییە؟

دەبوایە هەر نەبا بۆ ئیحراج کردنی دوو حیزبە سەردەستەکە وەك مونافەسەیەکی سیاسیش با، ئەو کێشەیەتان بوروژاندبا.

هیوادارم ئێمەش لە دەرەوە ئەرکی خۆمان لەبیر نەکەین، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ هەڵمەتێکی پارە کۆکردنەوە لە سەرتاسەری ئەوروپا، بەڵکو بتوانین بەشێکی بچوکی ئەو قەرزەی خوشك وبرا کوردەکانی رۆژهەڵات بدەینەوە.

٢٠٠٣/٦/٨

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.